# کۆرۆنا ڤایرۆس لە گۆشەنیگای ڕەخنەی ئابووری-سیاسییەوە

ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی بە گرنگی زانی لە ساتێکی وا چارەنوسسازدا کە جیهان لەبەردەم مەترسی کۆرۆنا ڤایرۆسدایە و قەیرانی سەرمایەداریدایە، لە ڕەهەندی ڕەخنەی ئابوری-سیاسییەوە لە شێوازی چاوپێکەوتندا کۆمەڵێک پرس لەگەڵ چەند کەسایەتییەکدا بوروژێنین. لەگەڵ **مامۆستا ستار**دا



**ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: کۆمەڵێك گومانی گەورە لەبارەی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە لەلایەن خەڵك و بەشێك لە خەڵکانی شارەزاشەوە دەوروژێنرێن، لەوانە ئەوەی کە ئەمریکا ئەم ڤایرۆسەی دروست کردووە بۆ تێکشاندنی هەیمەنەی ئابوری-سیاسی وڵاتی چین، یاخود پێدەچێت پیلانێکی سەرمایەداریی بێت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی مرۆڤ و کۆمەڵێك گومانی دیکەش. ئایا ئەم لێکدانەوانە تا چەند بە زانستی دەبینیت؟**

**مامۆستا ستار:** بەڵێ وایە لێکدانەوەی جۆراوجۆر ئەکرێت بۆ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە، بەڵام من پێموانییە بیرۆکەی دروستکردنی ڤایرۆس و چاندنی لە لایەن ئەمریکاوە یاخود بە پێچەوانەوە تۆمەتبارکردنی چین بە بڵاوکردنەوەی هیچ بنەمایەکی دروستی هەبێت. هەروەها پێشموانییە ئەو گومان و بیرکردنەوانە بۆ لێکدانەوەیەکی دروست، گرنگییەکی ئەوتۆی هەبێت. سەرەڕای هەموو ئەم گومانانەش، ناتوانین ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخەین کە بەگشتی بۆرژوازی و بلۆکە گەورەکانی بۆرژوازی جیهانی لە ململانێکانیاندا

لەبەرامبەر هەژمون پەیداکردن یاخود بۆ دەرچوون لە قەیرانی قوڵی سیستەمەکەیان کە لە سەر چەوساندنەوە و خاوەندارێتیی تایبەت و مژینی هێزی کاری ئەوانیتر دامەزراوە، پێشتریش بە درێژایەتی مێژوو ی چەند سەد ساڵەی، سەرمایەداری کارەسات و بەڵای لەمەی ئێستا گەورەتری خولقاندووە لە جۆری جەنگەکان و هەژاری و برسێتی و نایەکسانی و چەندانیتر. ئەوەش ڕوونە کە هەمیشە لە پێناوی کەڵەکەی سەرمایە و بازاڕی زیاتر بۆ کاڵاکانیان، بەبێ درێغیکردن لە گرنگی دانەنان بۆ ژیانی مرۆڤەکان ئەم بەڵا و کارەساتانەیان دروست کردووە. ئەگەر کەمێک تەماشای داتاکانی مردن و کوشتار لە جەنگەکان و کوشتارگە بە کۆمەڵەکان و لەبرسا مردنەکان بکەین بەچ ڕادەیەکە، یاخود نەبوونی و بێکاری و هەژاری کەچ کارەساتێکی مرۆیی هێناوەتە بەرهەم، نەبوونی پێداویستیی تەندروستی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، و مردن و دەیان و سەدان نمونەی تر، کە هەمویان بەبەرچاومانەوە ئەگوزەرێت، ئەوا دەکرێت بەشێك لە مرۆڤ بێزی لە ژیانکردن هەبێت لەناو جۆرە جیهانێکی لەم شێوەیەدا. مرۆڤ بە هێمنی نامۆکراوە لە ژیان، بە ڕادەیەك کە زۆرێك ڕۆژانە سەدان جار مەرگی خۆیان بە ئاوات بخوازن: وەك ئەوەی ڕێژەی خۆکوژی و بەکارهینانی مادەی هۆشبەر زۆر زیادیان کردووە و هەروەها ئاستی بەختەوەریی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە جیهاندا دابەزیوە بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە خۆیان بە پێشڕەوی شارستانیەتی سەرمایەداری دادەنێن لەوانە ئەمریکا. نەک هەر ئەمانە، بەڵکو تێکدانی ژینگە و سروشت کە پێکرا وایانکردووە فەزای دەرەوەی سروشت ببێتە زبڵدانێکی گەورەی گازە ژەهراوییەکانی وەکو دووەم ئۆکسیدی کاربۆن CO2. ئەمانە مرۆڤایەتییان بە دەردێک بردووە کە بە بوون و مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری ڕووبەڕوی کارەساتی زۆر گەورەی مرۆیی ببینەوە، کارەساتی بە ڕادەیەك گەورە کە مرۆڤی ئێستا هەرگیز نەتوانێت پێشبینی بکات. بۆیە نەک بەلایانەوە گرنگ نییە مرۆڤایەتی بەرنە لێواری کارەسات بە وجودی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩، بەڵکو خودی کارەساتەکە لەوەدایە کەبوونی نیزامێکی لەمجۆرە بە سودی مرۆڤایەتی نەهاتووە و نییە! هەموشمان ئەتوانین ئەو ڕاستییە ببینین کە ئەم نیزامە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرە، چەندە بێدەربەستانە لەگەڵ بارودۆخەکە مامەڵە دەکات و چۆن فشاری بۆ مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی هێناوە لە کونجی ماڵەکانیاندا دابنیشن، ئەمەش لە کاتێکدا کە چیتر هیچ ئیمکانێك نەمێنێتەوە بۆ بەردەوامیدان بە بەرهەمهێنان و کەلەکەکردنی بەرهەمهێنان و زیادە-بەرهەمهێنان. لە وڵاتێکی وەک بەریتانیاشدا تا فشاریان بۆ نەهات چەرخی بەرهەمهێنانیان ڕانەگرت. بە تائێستاشەوە هەموو بەشەکانی سەرمایەگوزاری لەکار

نەخراون و لە زۆربەی وڵاتانی چەشنی ئەوروپا و ئەمریکادا، ئاماژە ب مەترسی ئەم بەڵایە ناکەن چونکە لە خەمی زەرەر و ئیفلاسی سەرمایەکانیان.

ئەم هەلومەرجە تازەیەش کە ڤایرۆسی کۆرۆنا دروستی کردووە، ئەگەر سیستەمە ئابورییە کۆمەڵایەتییەکەیان پارێزراو بوایە و قەیرانە ئابورییەکەیانی خێراتر و قوڵتر نەکردایەتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە تا ئێستا درێژەی کێشاوە، ئەوە زۆر لەمە بێدەربەستتر مامەڵەیان لەگەڵ هەلومەرجەکەدا دەکرد و بەلاشیانەوە گرنگ نەبوو کە یاساکانی ماڵتۆس بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیڕەو بکەن بەتایبەت بەسەر ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەدا کە توانای کارکردنیان نییە یاخود ناتوانن ببن بە هێزی وەبەرهێنانی کارا لە بازاڕی بۆرژوازییدا لەوانە بەساڵاچووان و کەمئەندامان. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە لەگەڵ تەشەنەکردنی زیاتر و ڕۆژ بەڕۆژی ڤایرۆسی کۆرۆندا، حکوومەت و ڕژێمە بۆرژوازییەکان ئەوەندەیتر فشار و قورسایی زیاتر دەخەنە سەر شانی خەڵک و لە هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیان خستووین و لە زۆرێک لە وڵاتاندا تەنها کەرەنتینەکردنی بێ هیچ پێداویستییەکی ژیان و مانەوە لە ژیان مرۆڤەکان یەخسیر کراون. بۆرژوازی دەیەوێت لە ڕێگەی پاساوی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە ئایندەیەکی نادیار و وێڵ و مەترسیدار نیشانی مرۆڤایەتی بدات، کە ئەمە نەك جێگای قبوڵ نییە، بەڵکو جێگای ئەوەیە کە هەموو بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکارییەکان بە جارێك لەبەرامبەر بەرژەوەندی و دەزگا و ئەوهامەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداریدا ڕاپەڕن و خاڵی کۆتایی بۆ سیستمکە دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی هەم مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە و هەمیش سروشت ڕزگاریی ببێت لەم وەحش و خوێنمژە گوێنەدەر و بەرەڵایە.

**ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: لە ڕوانگەی ململانێی ئابوری-سیاسییەوە بڵاوبوونەوە و مەترسی و داهاتووی ئەم پرسە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**مامۆستا ستار:** قەیرانی ئابوری ساڵی ٢٠٠٨ درێژەی کێشاوە و ساڵ لە دوای ساڵ قوڵتر بووەتەوە، ئەم قەیرانە بە جۆریک بوو کە بە تەمەنی ئەم سیستەمە چینایەتییە ئەوندە قەیرانی درێژخایەن و قوڵی لەباری کات و قورسییەوە بەخۆوە نەدیبوو. هەر لەو کاتەوە دەستیکرد بە چارەسەری ئەو قەیرانە، بەڵام نەیتوانی بوژانەوەیەکی هەمەلایەنە وەک ئەزمەکانی پێشوتر بۆ نمونە قەیرانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەست پێبکات، بەڵکو تەنیا دەرمانێکی هێواشکەرەوەیان وەک چارەسەر پێدا. ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە کۆرۆنا ئەوەندەی تر ئەم قەیرانەی قوڵتر و هەمەگیر تر و سەراپاگیرتر کردەوە، و ململانێی کۆمپانیا

زەبەلاحەکان و دەوڵەتە گەورەکانی نەوتی هێنایە ئاستێک کە نرخی نەوت بێتە سەر ٣٠ دۆلار و خوار ٣٠ دۆلار، و ئیفلاس و وەستانی زۆرێک لە سەکتەرەکانی وەک گەشتوگوزار و فڕۆکەوانی و سەکتەرە گرنگەکانی پیشەسازی وەک ئۆتۆمبێل و زۆرێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەموو پایە و کۆڵەکە بەهێزەکانی سەرمایەی جیهانی دارزاون و ترس و خۆفێکی وەهای دروستکردووە کە وا نایەتە پێشچاو ئاسەوارەکانی خودی قەیرانەکە هەروا بە ئاسانی لێیَ دەرباز بێت، هەروەها بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانی بۆرژوازی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بە چەند مانگێتر کۆرۆنا ڤایرۆس کۆنترۆڵ دەکرێت و جارێکی تر سوڕی سەرمایە دەست بە جوڵەی خۆی دەکاتەوە. هەموو ئەو ئاماژانەی تا ئێستا ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە دەیانەوێت ئەم هەلومەرجەی دوایی بکەنە پەردەیەک بۆ داپۆشینی خودی ئەزمە ئابوورییەکە و کارلێکە نا زانستی و نا مرۆڤایەتییەکانی سیستەمە جیهانییەکەی سەرمایەداری و هەروەها دەشیانەوێت وەهای نیشاندەن کە ملیارەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڵام بەپێی ئەو مێژووەی کە سەرمایەداری و نیزامە کۆمەڵایەتییەکەی و ڕژێمە بەڕێوەبەرەکانی ئەم سیستەمە هەیبووە، ئەو ڕاستییە کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا داومەوە، هیچ گرنگی نادەن بە ژیانی مرۆڤ جگە لە ویستیان بۆ کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و چاوچنۆکی و قازانج پەرستییان نەبێت.

**ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی: ئایا هیچ شتێکی دیکەی گرنگ هەیە بتەوێت بیڵێی؟**

**مامۆستا ستار:** ئەوەی گرنگ بێت: ئێستا کۆمەڵگە لە لایەن کەمایەتییەک، چینێکی کۆمەڵایەتی کە هەموو سەروەت و سامان و بناغە مادییەکانی کۆمەڵگەیان بە سیستەمێکی چەوسێنەرانە قۆرخ و مۆنۆپۆڵ کردووە لە سەرتاسەری جیهاندا، و هەموو ئامراز و ئامێر و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییان بۆخۆیان قۆرخ کردووە، بەڕێوە دەبرێت. ئەم سیستەمە لە ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ ساڵی ڕابردودا، هەموو ئاسەوارە چەوسێنەرانەکانی خۆی دەرخستووە، و کارلێک و تەفاعولاتی ناکۆکی سیستەمەکەی هەمووی خستووەتە سەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بە گشتی و چینی کرێکار بەتایبەتی. دەوڵەت و پۆلیس و بانکە زەبەلاحەکانی و دەیان و سەدان دەزگای سەرکوتگەر ئەم سیستەمەی هێشتووەتەوە، لەم پێودانگانەدا لەوانەیە پرسیارگەلێکی گرنگ بێتە ئاراوە، ئایا ئەم زاڵییەی سیستەمی سەرمایەداری وەک سیستەمێکی چینایەتی هەروا سانا و بێ کاردانەوەی چینی بەرامبەر ئاراستەی خۆی گرتووە؟ ئایا لەم هەلومەرج و ئەم تەنگژە ئابورییە کە کۆرۆنا وەک ووتم، زۆر لە ١٠ ساڵی ڕابوردوو قوڵتری کردۆتەوە هەروا ئەتوانێ بە بێ وەڵامی چینی کرێکار وەک

زۆرینەی کۆمەڵگە بمێنێتەوە؟ ئایا ئەم قۆناغە نوێیە لە سوڕی سەرمایە، ئەتوانێ هەروا بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر سروشتی خۆی و بکەوێتەوە سەر پێیەکانی خۆی؟ بە بڕوای من ئەمە فلیمێکی سینەمایی نییە کە ئەنجامێکی زۆر ناخۆشی هەیە و دوای فلیمەکە تەماشاکەرەکان پاش کەمێک ئاخ هەڵکێشان و ئەسەف هەریەکە و بگەڕێتەوە ماڵەوە! چینەکان و ململانێی ئەم چینانە لە کۆمەڵگەدا هەروا بێ سوتوو نەبووە، و پێموایە هەموو هاوکێشەکان گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەسەردا دێت و کاردانەوە جەماوەرییە کۆمەڵایەتییەکان کە چەند ساڵ لەمەوبەر بە شکڵی زۆر نوێوە دەستیان پێکردووە، دورنمایەکی گۆڕینی شێوازی ژیانیان نیشاندا، یان لانی کەم هەنگاوێکی سەرەتایی  لە خەبات و ململانێی چینە چەوساوەکان بۆ گۆڕینی ژیانیان، لەمەوداو بە پێی ئەو لێکدانەوانەی کە لەسەر قەیرانی سەرمایەداری و شکست و لە زەوی کەوتنی پرۆژەی نیولیبرالیزمی بۆرژوازی، هەموو ئەم قسانەمان پشتڕاست ئەکەنەوە کە چ هەلومەرجێکی دژوار و لەناوچون و کۆنترۆڵکردن دەست پێدەکات ئەگەر چینی کرێکار و ڕەوتی سۆسیالیستی هەنگاوێکی جدیتر و هەمەلایەنە نەنێت بۆ گۆڕین و لە گۆڕانی ئەم سیستەمە چینایەتییە پڕ لە چەوساندنەوەیە و مرۆڤایەتی تووشی کارەساتێکی گەورەتر ئەبێتەوە، کە جەنگەکان و جەنگی ئەتۆمی و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی جەرسومیش بە کار ئەهێنن و ئەوەی پرسیاری یەکەمی ئێوەش لەبارەی گومانەکانەوە ئەوجا دەردەکەوێت. من پێموایە لەم قۆناغە پڕ لە ململانێ و دژوارەدا بۆ هەردوو چینی سەرەکی حەیاتییە و بەردەوامی و بەرگری سیستەمی زاڵیش، بە پێی لێکدانەوەکانی ئابوریناسان و بیرمەندانی بۆرژوازیی هەستیاری ئەم بردنەوانە ئەدرکێنن. بەڵام هیچ یەکێك لەوانە لەو توڕەیی و دڵپڕییەی ئێستای خەڵك کەم ناکاتەوە کە ئومێد و یهوایەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هەلگرتووە و لەدوای ئەم دۆخە ڕاپەڕینەکان لە ئاستێکی فراوانتردا سەرهەڵ بدەنەوە و لانی کەم ئەگەر زەمانەتی بردنەوەش نەکەین، پێدەچێت زەمانەتی کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگ بکەین.